یادێک بۆ هونەردۆست و کەسایەتی شاری سلێمانی» خاوەنی تۆمارگەی قادر رەشید.

فەرەیدون کونجرینی

یەکێک لە هونەرمەندە میللیە دیارەکانی شاری سلێمانی لە مەقامێکدا دەڵێ: کەسێک نەبوو دامێنی بگرم بمکات بەکەس وەک وێنەی قادر ڕەشید» هەر ئەونا، بەڵکوو دەیان هونەرمەندی سترانبێژ دامێنی دەگرت تا لە ڕێگەی تۆمارگەی قادر ڕەشید دەنگی بگاتە خەڵک» زۆرێک لەو کەسانەی لە بواری هونەری دەنگ و ئاوازی کوردی سەرەتای کاری هونەری بوو لە تۆمارگەی قادر ڕەشیدەوە ناو و ناوبانگیان گەیشت بەم ڕۆژەی پێیان دەگوترێ ئوستاد و مامۆستای گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی.

هونەرمەند و هونەردۆست

هونەر» کردەوەیەکی جوانی پەسەندە لە دەست هەموو کەس نایەت، (مەند) خودە ئەوەی خۆی بۆ هونەر ئامادەکردوەو دەیەوێ کاربکات بۆ کەسایەتی و بەرژەوەندییە خۆییەکان" تا بە هونەرەکەی سود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت، جۆرێکیتر کەبوونەتە وزەیەکی باش هونەردۆستانن، (هونەردۆست) کەسێکی پشتیوان و پاڵنەری هونەرمەندە لە سەرخستن و گەشەکردنی کەسەکە، یان هۆگری کاری هونەرمەندێکە کەئاشنایە بە کارە هونەرییەکانی وەك شانۆ و سینەماو دەسڕەنگینی و دەنگبێژو و ئاوازژەن و ژەنیارەکان" زۆرینەی هونەردۆستان بونەتە هۆکاری سەرخستنی هونەرمەندان وەك چۆن کۆچکردوو قادرڕەشید هەیبووە بۆ هونەرمەندانی کورد.

لە دەیان ناوچەی کوردستان کەسایەتی هونەری بونی هەیە لە هەندێکیاندا ئاستە هونەرییەکەی گەشەی کردوەو سنوری ناوچەکەی تێپەڕاندوەو کەسانی ناوچەکانی تری بەخۆیان ئاشنا کردوە یەکێک لەو شارانە بەرچاوە" شاری سلێمانی بوە" تواندراوە بە پشتیوانی هونەردۆستان ناووناوبانگی هونەرمەندان ئاشناکرێ.

وەفایەک بۆ قادر رەشید و گلەیی لەو هونەرمەندانەی کاریان بە هونەردۆست قادر ڕەشید بوو " لە ئێستادا لە یادیان نەماوەو باسی ناکەن!؟

قادر ڕەشید خاوەنی تۆمارگەی قادر ڕەشید بوو" کەسایەتییەکی هونەردۆستی وابوو لە ڕێگەی تۆمارگەکەیەوە دەنگی دەیان هونەرمەندی گەیاندە گوندوو شارو ناوچەکانی کوردستان، قارد رەشید هاوکاری و دڵسۆزی بۆ زۆر لە هونەرمەندان هەبوو بەتایبەت کاری بۆکردون بەڵام زۆرینەیان (سپڵە و بێ ئەمەگ) دەرچوون و ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسەریان نەکردەوەو لە چاوپێکەوتن و ئاخافتنە رادیۆیی و مێدیاییەکان بۆجارێکیش ناویان نەهێناوە.

نوسەرانی پەرتوکی شاری سلێمانی دەیانی وەک قادر رەشیدیان لە پشت قەڵەم و نوسین و یادو یادگارییەکانی سلێمانی خستوەو باس لە زۆرێك لە خەڵکە ڕەسەنەکەی نەکراوە، یەکێک لەوانەی یادنەکراوەتەوە کەسایەتی شاری سلێمانی تۆمارگەی قادر رەشیدە، کاتێکیش بەڕووداوی ئوتۆمبێل کۆچی دوایکرد، زۆر بەبێکەسی لە شاری سلێمانی دوور لە چاوی هەموو ئەوانەی سودمەند بوون بە قادر رەشید لەبەخاک سپاردنیدا بێ ئاگا بوون و نازانن گڵکۆی کەوتۆتە کام لە گۆرستانەکانی شاری سلێمانی.

قادر ڕەشید پێش مەرگ تەواوی ئەرشیفەکانی هونەرمەندانی بە دەنگ و ڕەنگ پێشکەش بە تەلەفزیۆنی خاك و کوردساد کرد" بەداخەوە تا مێژوی ئەم نوسینەی ڕۆژنامەنوس فەرەیدون کونجرینی باسی لێوە نەکراوە!؟

لە ناونیشانی خۆمەوە دەنوسم

بەرامەبەر سەرای سلێمانی" دیواری بەریدە کە هەبوو ساڵی 1986 بۆ 1987 وێنەی هونەرمەندانی فیلم و سینەماو گۆرانی بێژانمان پێدا هەڵدەواسی و دەفرۆشت، لەو نێوەندەدا کاک بارام ی برام بیرۆکەی نوێی بۆهات لە شەقامی مەولەوی بازاری کوردۆ تەنیشت عەلی بۆسکانی" دوکان بکرێت و کاری ڤیدیۆو کامێراو بەکرێدانی کاسێت و ڤیدیۆو تەلەفزیۆنی تێدابکەیین، لە هاوینی ساڵی 1988 دوکانەکە کرداو دەسمانکرد بەکارکردن تێیدا.

بازاڕی کوردۆ چوارجۆر پیشەکاری تێدابوو " تۆمارگەی دەنگی هونەرمەندان" باڵندەی دەنگخۆش" بەرگدرو" کاری فرۆشتن و بەکرێدانی ڤیدیۆو تەلەفزنی تێدا دەکرا، هونەردۆست قادر ڕەشید یەکێک بوو لە دراوسێ دووکانەکانی بازاڕی کوردۆ، کە پێشتر لە شەستەکانەوە لەبازاری مەزادخانەی خوارەوە تۆمارگەی هەبوو، کەسایەتییەکی زۆر کۆمەڵایەتی و کوردستانی بوو دەیان گۆرانی سیاسی تۆمارکردوە و لای هونەرمەندان جێگەی متمانەبووە" بۆ ئێمە دراوسێ دوکانێکی زۆر بەڕێزو پەیوەندیداربوو پێمانەوە، لە زۆرشتدا هاوکاری و هاودەنگی یەکتری بوین و ماڵی یەکترمان بینیوە ئاگاداری کارەهونەرییەکانی بووین و زۆرێك لە هونەرمەندانی پێ ئاشنا کردبووین، ڕەوانشاد کاک قادر ڕەشید یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر لەهونەرمەندانی لە تۆمارگەکەی کۆدەکردەوەو کاری هونەریان بۆ تۆمار دەکرا زۆرینەیان لە ماڵی قادر ڕەشید کاری هونەریان بەتایبەت بۆ تۆمار کراوە " لای خوارەوە مێژووی تۆمارکردن و ناویان هاتوە.

ناوی جەند هونەرمەندێک ئاشکرا دەکەم کە زۆر بە باشی هونەردۆست قادر ڕەشید دەناسن و لە ماوەی 50 ساڵی هونەرەکەیاندا باسیان نەکردوەو ناویان نەهێناوە.

1- تۆماری تایبەتی هونەرمەند ناسر ڕەزازی لە 1974/11/24 لە ماڵی (ئەحەی بلە بەکر درەیی) گەڕەکی هەوارەبەزە بەئامادەبوونی رەحیمی باڵەبان بە سازو باڵەبان" بانگۆزەکە فریا مەلا کەرییم تۆمار کراوەو چەند جارێکیتر کاری تۆمارکردنی بۆکراوە.

2- تۆمارێکی دەنگی و ڤیدیۆیی تایبەتی هونەرمەند نەجمەدین غولامی لە 8/25 /1984 تۆمارکراوە گەڕەکی ئاشتی بە ئامادەبونی تیپی موزیکی مەولەوی خوێدنەوەی ئەو بەرهەمە دڵشاد مەیوانی بوە.

3- دەیان تۆماری دەنگی بۆ هونەرمەند ئەحمەد شەماڵ ناسراو بە ئەحەی خولە سنەیی تۆمار کردوە، یەکەمجار ساڵی 1977 ماڵی شێخ عوسمانی ناسرابوو بە غەوسە تۆمارکراوە" لە کۆتایی هەشتان هونەر دۆست قادر ڕەشیت ئەحمەد شەماڵ دەهێنێتە ماڵی خۆیان بە ڕایزەر دەنگێیەکان لێ دەداتەوەو ئەحمەد شەماڵ دەیڵێتەوەو دەیانکات بە تۆماری ڤیدیۆیی" ئەم ئەرشیفانە لای خاک پارێزراون

4- هونەر دۆست قادر ڕەشید تۆماری دەنگی و ڤیدیۆیی بۆ هونەرمەند محمود محمەد" زیاتر لە دەیان بەرهەمی بۆ تۆمار کردوە .

5- برایم سەعید ناسراو بە بلەی سەعە کەڕ" لە ناوەڕاستی 1960 بۆ 1970 دەیان بەرهەمی دەنگی و نوکتەکانی تۆمار کراوە لە ڕێگەی تۆمارگەی قادر ڕەشید دەناسرێت بە خەڵک، تا دوایی لە کۆتایی هەشتاکاندا لە تۆمارێکی ڤیدیۆیدا مەقامێک دەچڕێت و تێدا دەڵێ کەسێک نەبوو دامێنیبگرم بمکات بەکەس وەک وێنەی قادر ڕەشید.

6- کەریم خەمزەیی" سەرجەم بەرهەمەکانی هونەردۆست قادر ڕەشید تۆماری کردوەو ئەرشیفەکان پارێزراون.

7- هونەر دۆست قادر ڕەشید بۆ سابیر کوردستانی " لە سەرەتای 1970 چەندین بەرهەمی بۆ تۆمار کردوە لە کەرکوک و سلێمانی.

8- کەمال محمەد ساڵی 1989 تۆمارکردنی ئاهەنگی حەسیب ساڵح "

9- عسمان عەلی" عسمانی خەیات" چەند بەرهەمێکی لەلایەن تۆمارگەی قادر ڕەشید بۆیەکەمجار بڵاو دەبێتەوە.

10- گەشمردە عەبەی مەلا 1974 چەند بەرهەمێکی بۆ تۆمار کراوە بە دەنگ و پارێزراوە"

11- فەتاح سەوزەواری ساڵی 1989 . 1990 چەند بەرهەمێکی لە ماڵی هونەر دۆست قادر ڕەشید تۆمار کراوە و بە کاسێت بڵاو کراوەتەوە.

12- تاهیر خەلیلی ساڵی 1983 ماڵی حاجی مەریوان دەنگ و ڕەنگی بۆ تۆمار کراوە.

13- مستەفا ڕەوف " سەرەتای هەشتاکان کاری دەنگی بۆ کراوەو بڵاو کراوەتەوە.

14- سەرجەم بەرهەمەکانی هونەر مەند حەمە جەزا لەماڵی دایکی هونەرمەند قادر ڕەشید تۆمار کراوە لە سلێمانی / سەرکارێز.

15- هونەرمەند ئیماعیلی ماملێ 1987 لە ماڵی ئەحەی بلە بەکر دڕەیی تۆمار کراوە " هونەرمەند لە مێدیا تیڤی باسی لێوە کردوە

16- هونەردۆست  قادر ڕەشید چەندین بەرهەمی بۆ هونەرمەند بەرهەم حەسەن تۆمار کردوە یەکێک لە دیارترین بەرهەمەکانی بە ڤیدیۆ لەماڵەوە بۆی تۆمار کردوە

17- لە سەرەتای ساڵی 1960 تا 1970 چەندین بەرهەمی بۆ هونەرمەند سەلاح داودە تۆمار کردوە

18- هونەرمەندان  زاهیر جەلال و  عەتا چاوشین و... هتد.  کە زۆرێک  لەشاکارە هونەرییەکانیان لە ماڵی قادر ڕەشید تۆمار کردوەو لە تۆمارگەکەیەوە بڵاو بۆتەوە.



وێنەی هونەردۆست قادر ڕەشید  1977 مەزادخانەی سلێمانی  تۆمارگەی قادر ڕەشید سەرو تۆمارگەی خیام



ساڵی  1981 مەزادخانەی سلێمانی هونەردۆست قادر ڕەشید



ساڵی 1980 مەزاد خانەی سلێمانی " هونەردۆست  قادر ڕەشید لەگەڵ باوکی




ساڵی 1990 فەتاحی سەوزەواری" لەماڵی هونەردۆست قادر ڕەشید تۆمار کراوە



ساڵی 1987 بەرهەم حەسەن " لە ماڵی هونەردۆست قادر ڕەشید تۆمارکراوە" کامێرا جەلالی حاجی ڕەشید ناسراو بە جەلالە قەڵەو وێنەی گیراوە

گۆرانییەکانی بەرهەم حەسەن کە بۆ یەکەمین جار لە ماڵی هونەردۆست قادر ڕەشید تۆمارکراوە" یادویادەوەری لای خەڵک هەیەو تا ئێستاش بەزیندویی ماون بەیادیانەوە دەکرێ،




مێژوی وێنه 1988٨/2/25 ماڵی فایەق شوان" منداڵێیان بوو بەناوی بادینان و  یادیان بۆ کردەوە ، برایم سەعید ئاهەنگەکە خۆش دەکات"


بلەی سەعە کەڕ هونەرمەندی میللی کۆتایی شەستەکان دەچێتە ڕۆژهەڵاتی ئێران و کۆتایی حەفتاکان دەگەڕێتەوە" یەکەم دەرکەوتنی بە گۆرانی دەردەکەوێ لە ماڵی فایەق شوان بەگۆرانی پرچت ماری گرێگرێ " گۆرانییەکە فارسییەو ئاوازی خانمی هونەرمەند سەوسەن ە" ئەم تۆمارە لە تەلەفزیۆنی خاک  بڵاو کراوەتەوەو جوانەمەرک کاک قادر بەشیویەتی بە خاك" پێک هاتوە لە دوو کاژمێر کاژمێرێک گۆرانی و  کاژمێرێک نوکتەو گێڕانەوەی چیرۆکە کۆمێدیاکانە " ئەم تۆمارە لەلایەن کاک غەریبی تەنەکەچی  و کامێرامان لەلایەن جەلالە قەڵەو " کوڕی حاجی سەعیدی قەمچوغە تۆمارکراوە،



تۆمـارێکی تـایبەتی هونەرمەنـد نـاسر ڕەزازی لە 1984/11/24لە مـاڵی (ئەحەی بـلە بەکـر دڕەیی)   هونەردۆست قادر ڕەشید چەند تۆمارێکی تایبەتی بۆ هونەرمەند ناسر ڕەزازی لە ناوەڕاستی حەفتاکان تا هەشتاکان تۆمار کردوە.




لە سـەرەتای حەفتاکـان " هونەردۆسـت قـادر ڕەشـید چەنـد تۆمـارێکی گـۆرانی دەنـگی بـۆ هونەرمەنـد حەحـمەد شـەماڵ تۆمـار دەکـات و لە کۆتـایی هەشـتاکان دەیکـاتە کلیـپ بەوجۆرەی دەناسرێتەوە لە وێنەکەدا.



گڵکۆی هونەردۆست قادر ڕەشید  لە گۆڕستانی  بێ کاسەو کەوچك بەرامبەر گۆڕستانی سەیوان  لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردراوە.

هونەردۆست و کەسایەتی شاری سلێمانی خاوەنی تۆمارگەی قادر ڕەشید، ساڵی 1952 لە گەڕەکی سەرشەقام (شیوی قازی) هاتۆتە دنیاوەو  لەو گەڕەکە  گەورەبووە تا قۆناغی ناوەندی تەواوکردوە، لە سەرەتای شەستەکان ئاشنای ئەندازەی دەنگی بوەو بۆ یەکەمجار لەگەڵ شێخ عوسمان کەبە غەوسە ناسراوە و چەند هاوڕێیەکی لە شاری سلێمانی ستودیۆیان دروستکردوە بۆ تۆمارکردنی دەنگ، زۆربەی کارەهونەرییە دەنگییەکانی وەرزی شەستەکانیان تۆمار کردوە بۆ هونەرمەندان و شاعیران. بەتایبەت بۆ هونەر مەند  حەمە جەزا ،  سەڵاح داودە، کەریم خەمزەیی ، برایم سەعید (بلەی سەعەکەڕ) محمەد ئیبراهیم عەبدول ناوسراو بە (حەمە قوتو)، عەبەی مەلا، حەمەی نێرگزو  سەجەم کارە هونەرییەکانی هونەرمەند ناسر ڕەزازی و نەجمەدین غولامی، کاڵێ و تاهیر خەلیلی و هونەرمەند ئەحمەد شەماڵ و هتد،، لە نێوان شەست و حەفتاکان تۆمارکراون.

لە سەرەتای هەشتاکان تا کۆتایی کارەکانی"  زۆرێک لە تۆماری ڤیدیۆیی بۆ هونەرمەندان تۆمارکردوە هەروەک لای سەرەوە ئاماژەمان پێدابوو.

هونەردۆست قادر ڕەشید سێ کچ و دوو کوڕی جێ هێشتوە " یەکێک لە کوڕەکانی  لە ئاستێکی زۆر باشی زەغرەفەدایە " کەسایەتیەکە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە سێهەمیین  لە دەسرەنگین و ئاوێنە نوسینەکان هەرژمار دەکرێت "  لە ئێستادا گوڵاڵە خانی هاوسەری هونەردۆست  لە ژیاندایەو



نەهرۆ قادر ڕەشید  ساڵی  1977 لە سلێمانی لەدایک بووەو دەرچووی ئامادەیی پیشەی کارەباو مامۆستای ئەکادیمیای خەت و زەغرەفە یە  جێبەجێکردنی کاری هونەری لەووڵاتی قەتەر دەوحە  بەدەست هێناوە.



هونەردۆست قادر ڕەشید یەکێک بوو لە دراوسێ دووکانەکانی بازاڕی کوردۆ، کە پێشتر  لە شەستەکانەوە لەبازاری مەزادخانەی خوارەوە تۆمارگەی هەبوو، کەسایەتییەکی زۆر کۆمەڵایەتی و کوردستانی بوو دەیان گۆرانی سیاسی تۆمارکردوە و  لای هونەرمەندان جێگەی متمانەبووە.

بگەڕێرەوە بۆ وتاری کورد/ www.wtarikurd.info